کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١١-نیوەی دووهەمی خەرمانان ١٣٩٩-سێپتامبر ٢٠٢٠


سەروتار

## بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، دەرس و ئەزموونەکانی بە بۆنەی ساڵڕۆژی فەرمانی جەهادی خومەینی دژبە خەڵکی کوردستان

ئەمڕۆ سێشەممە ٢٨ گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دەرکردنی فەرمانی جەهادی خومەینیە دژبە خەڵکی کوردستان. ٤١ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژدا، خومەینی فەرمانی بە هێزەکانی سپا و ئەرتەش و کۆمیتە و دارودەستە جۆراوجۆرە چەکدارەکانی خۆی دا تا لە هەموو لایەکەوە پەلاماری کوردستان بدەن و گرۆتینی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرێکی مافخواز کە عەزمی خۆیان بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانیان جەزم کردبوو، سەرکوت بکەن.

بەڵام، هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، ڕووداوێکی لە ناکاو نەبوو. لە ڕاستیدا بەشێك لە پرۆسەی سەرکوت کردنی شۆڕشی ئێران بوو. ئەم سیاسەتە لە یەکەم ساتەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەوتی ئیسلامی، لە دەستووری کاریان دابوو. بەرلە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٧ بۆسەر کوردستان، خوێندکارانی زانکۆکانیان سەرکوت و بزووتنەوەی تورکەمەن سەحرایان خەڵتانی خوێن و نارەزایەتی خەڵکی خووزستانیان سەرکوت کرد. کرێکارانی بەندەر ئەنزەلییان لە ئیسفەهان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت کردن لە کوردستان، پێویستی بە ئامادەکاریەکی زیاتر بوو. هەر بۆیە هێرش بۆسەر کوردستان لەچاو هێرش بۆسەر دەستکەوتی بەشەکانی دیکەی خەڵکی ئێران، بۆ ماوەیەك وەدوا کەوت.

لە کۆتایی مانگی ڕەشەممەی ١٣٥٧ و لە دەسپێکی مانگی گوڵانی ١٣٥٨، لە شارەکانی مەهاباد و سنە، بە دەستووری فەرماندەی پادگانەکانی ژێر فەرمانی ڕژیمی نوێ، خەڵکییان دایە بەر دەستڕێژی گوللە، لە مەهاباد ٢٠ کەس بەهۆی تەقەی ئەم هێزانە و لە شاری سنەش نزیك بە ٢٠٠ کەس بەهۆی تۆپباران، گیانیان لەدەست دا. هەر ئەو کات ڕژیم توانیبووی بەشێك لە کۆنەپەرەستانی ناوچەکەش لەگەڵ خۆی بخات. چەکدار کردنی فێئۆدال و عەشایر و ڕێکخستنیان لە تەشکیلاتێکی کۆنەپەرستانە لە ژێر ناوی "شورای عەشایری کوردستان"، بەهێزکردنی جەریانی ئیسلامیی بە ڕێبەریی ئەحمەد مۆفتی زادە لە شاری سنە، لە زومرەی ئەو هەوڵانە بوو.

ڕۆژی ٣١ی گوڵانی ١٣٥٨ شەڕی نێوان خەڵکی تورك و کوردییان لە شاری نەغەدە هەڵگیرساند و ژمارەیەك پاسداریان بە فەرمانی مەلا حەسەنیی کۆنەپەرست، بۆ کوشتن و دزینی ملك وماڵی خەڵك ڕەوانە کرد. هەروەها پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی پووشپەڕ لە شاری مەریوان خەڵکییان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و بەهۆیەوە ٢٤ کەس گیانیان لەدەست دا و ٤٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. هاوکات لە شاری سنەش بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕژیم چەند کەسی دیکە گیانیان بەخت کرد.

سەرەنجام لە درێژەی ئەم جەنایەتانەدا، هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ هێرشی نیزامی بۆسەر کوردستان دەستپێکرد. هێزەکانی ڕژیم لە دوو میحوەری ورمێ و کامیارانەوە پەلاماریان هێنا بۆسەر ناوچەکانی کوردستان. هەر ئەو کات کۆمەڵە بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەك لە ژێر ناوی "گەلی کورد لە کوانوی تاقیکردنەوەدا"، بانگەوازی خەڵکی کوردستانیان کرد بۆ موقاومەتێکی هەمەلایەنە لە دژی ڕژیمی ئیسلامی. لە وڵام بەم بانگەوازەدا خەبات و خۆڕاگرییەکی کەم وێنە لە کوردستان کەوتە ڕێ. ئەگەرچی موقاومەت لە هەموو بەرەکاندا گیانفیدایانە بوو، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا، ڕژیم توانیی بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی ئاسمانی و تۆپخانە، کوردستان بگرێتەوە. زۆری نەخایاند کە کۆماری ئیسلامی وەك ڕژیمێکی داگیرکەر و بێگانە، کەوتە بەر هێرشی بەربڵاوی هێزی پێشمەرگە و هاوکات

خۆپیشاندانی کۆمەڵانی خەڵك لە شارەکان دەستپێکرد و دوای تێپەڕینی ٣ مانگ، هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خەڵك گۆڕا و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و ئاگربەست و هاتنە سەر مێزی وتووێژ، کرد.

گەڕانەوەی دووبارەی هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ شارەکان و پێشوازیی شکۆداری خەڵك و پەرەسەندنی چالاکیی سیاسی و پێکهاتنی شورا و ڕێکخراوەکان و هەروەها دەسەڵاتداریێتیی خەڵك بەسەر چارەنووسیی خۆی، شکستی بە هێرشی کۆنەپەرستانەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی ڕژیم هێنا

درێژە ی ل٥



بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، دەرس و ئەزموونەکانی بە بۆنەی ساڵڕۆژی فەرمانی جەهادی خومەینی دژبە خەڵکی کوردستان ل٥



## یادێک لە سێ خەباتکاری کۆمۆنیست، فواد و سدیق و غوڵام

ل٧



## پیرۆز بێت یازدەی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ل٦




## بەیادی قوربانیانی جەنایەت دژبە مرۆڤایەتی لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٧

ل٩



## پیلانگێڕیی هاوبەشی دەوڵەتانی تورکییە، ئێران و عێراق دژبە خەڵکی کوردستان

ل٨



## بەشی یەکەمی ووتوێژی کاک مەحەمەد خاکی، بەڕیەوەبەری « ڕادیو دیالۆگ» لە گەڵ ئیبراهیم عەلیزادەیە.

ل٢




# بارودۆخی سیاسی ئیران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داهاتووی ئیران

ئەوەی دەی خوێننەوە، دەقی بە شی یەکەمی ووتوێژی کاک مەحەمەد خاکی، دامەزرێنەر و بەریەوەبەری « ڕادیو دیالۆگ» لە گەڵ ئیبراهیم عەلیزادەیە. بەشەکانی دیکە لە ژومارەکانی داهاتووی پێشرەو دا بڵاو دەبنەوە.

**پرسیار:** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە بوحراناوی و قەیراناوی ناوچەکانی دنیایە، زۆر شت لەم ناوچە ڕوو دەدات، پێتان وایە وەزعیەتە گشتیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ ئەڕوات؟

**وڵام:** هەر وەکوو ئێوەش فەرمووتان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زۆر هەستیارە، وەکوو هەموو شوێنێکی دیکەی جیهان هەم لە ژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسی و ئابووری جیهانی و ململانێی زلهێزەکاندایە و هەم لە ژێر کاریگەری کێشە چارەسەنەکراوەکانی ناوخۆی دا. بە هۆی مەوقعیەتێکی جوغرافیایی سیاسی تایبەتی کە هەیەتی و بە تایبەت بە هۆی پاشکەوتێکی بە لێشاوی نەوت کە تێیدا هەیە، زۆر دەمێکە بۆتە مەیدانی ململانێی ئێستعمارگەران و ئێمپریالیستەکان. جگە لەوانە کێشەی ئایینی، کێشەی نەتەوەیی هەروەها چۆنیەتی دابەش بوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانی لە ڕێگای پەیمانی سایکسپیکۆوە لە جەرگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە گەلێک ئێسقانی ناو برینی لەو مەنتەقانەدا هەروا بە جێ هێشتووە. هەمووی ئەوانە کۆمەڵێک گرێ کوێرەی درووست کردووە کە ئەو ناوچەیەی کردووە بە یەکێک لە ئاڵۆزکاوترین شوێنەکانی دنیا. ئەگەر زۆر بۆ ڕابردووی نەچینەوە لانیکەم قەیرانی ئابووری ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ کە لە ئەمریکاوە دەستی پێکرد، بەڵام دوای ماوەیەک کە تا سێ ساڵی پێ نەچوو ئاسەوارەکانی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شۆڕ بوەوە وە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لێکەوتەوە. واتە دەمهەوێ بڵێم کە چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکەم ئەو ناوچانەی دواکەوتووی دنیا بوو کە کەوتە ژێر کاریگەری سیاسی قەیرانی ئابووری جیهانی. ئێستایش هەروایە، ئێستاش دەبێ چاوەڕوان بین بزانین قەیرانی ئابووری دوای کۆرۆنا چۆناوچۆن بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەشکێتەوە. ئایا هاوشێوەی بەهارێکی عەرەبی دیکەی لێدەکەوێتەوە، ئایا شەڕ و نەهامەتی تازەی پێوەدەبێ؟ ئەوانە هەمووی جێی پرسیارە. بەڵام دیارە ڕووسیە و چین و ئەمریکا و یەکێتی ئۆروپا، واتە ئەو زلهێزانەی ئەمڕۆی دنیا، هەرکامەیان لە کێشمەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوری خۆیان دەبینن. بەڵام کاتێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو دوو دەیەی ئەخیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ورد ئەبینەوە، دیاردەیەکی نسبەتەن تازە دەبینین ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتە مەحەلیەکان، بە تایبەت دەسەڵاتە مەحلیە بەهێزەکان وەکوو ئێران، تورکییە و عەرەبستان هاتوونەتە ڕوو وە لەوانەیە ئەمانە هاوپەیمانی ئەم یا ئەو زلهێز بن بەڵام زۆر گوێڕایەڵیان نین وە بەشوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن. زلهێزەکانی ناچارن لە دابەش کردنی کاری مەنتەقەییدا بەشی شیاوی خۆیانیان بۆ بەڕەسمیەت بناسن. ئەمانە هیچیان بە قەولی قەدیم دەیانوت «سەگی زەنجیری ئێمپریالیسم» نین، ئەمانە خۆیان بەرژەوەندی خۆیان هەیە و زۆر جاریش هەیە هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانیان بێننە دەستووری کاری زلهێزەکانیشەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو مەسئەلەی گرینگی چارەسەر نەکراو هەیە. مەسەلەی کورد و مەسەلەی فەلەستین. ئەم دوو مەسەلەیە هەردووکیان ئێستا لە ژێر فشاردان وە بە داخەوە بۆ هیچکامیان ئاسۆی ڕوونی کورت ماوە بۆ چارەسەر کردن بەدی ناکرێ. پڕۆژەی ناسراو بە «مەعاملەی قەرن»، کە ترامپ هێنای هەوڵی دا بۆ ئەوەی مەوقعیەتی ناعادڵانەی ئێستا بەسەر فەلەستینیەکاندا بسەپێنێ، دیارە بۆی نەکرا. ئەو هەموو تەبلیغاتەیش کە کرا گۆیا ئەو پڕۆژەیە چارەسەری کێشە دەکات یا لانی کەم هێوری دەکاتەوە، زۆر کەس تەنانەت کیسەیان بۆ هەڵدوریبوو کە لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەوە هیچکام لەوانەش نەکرا وەکوو دەڵێن وەکوو پزدانێك هەڵیاندابوو سەنجاقێکیان پێدا کردو تەقیەوە و بوو بە هیچ.

مەسەلەی کوردیش وەکوو یەکێکی دیکە لە مەسەلە چارەسەر نەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەوەتا دەیبینین چەندە لە ژێر فشاردایە، لە عێراق فیدراڵیزمێکی پەڕ و باڵ کراویشی بۆ بەڕەسمیەت ناناسن بزووتنەوەی ڕۆژئاوا کەوتۆتە بەر پەلاماری سوپای تورکییە و بە بەرچاوی ئەمریکا و ڕوسییەوە بەم شێوە زاڵمانەیە غەدری لێ دەکرێ و وڵاتەکەی لێ داگیر دەکرێ.

بێجگە لەمانە ئیسلامی سیاسیش هەم لە جۆری میانەڕەوی کە ئێخوانولموسلمینن و هەم لە جۆری توندڕەوی کە داعش بێ هەر لەو ناوچەیە سەری هەڵدا، دەزانین کە داعش چۆن پێکهات و چۆن خستیانە گیانی خەڵکی ناوچەکە،

بەڵام کاتێ خۆشیان بە دەستیەوە گیران خوارد، دوای ئەو هەموو گیانە کە لە دەست چوو، دوای ئەو هەموو وێرانیەی کە بە شوێنی دا هات ئەوجار ڕایانماڵی ، بەڵام بەم حاڵەشەوە وەکوو پشیلەی بن عابا هەر ڕایانگرتووە وە خەڵکی کوردی لە ڕۆژئاوا و لە باشوور پێ ئەترسێنن بۆ ئەوەی ئیمتیازیان لێ وەرگرن. بە گشتی لە وڵامی پرسیارەکەتاندا لە یەك جوملەدا دەتوانم بڵێم کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی گەلێك سەخت و دژوارتر لە چاو ڕابردوو تێپەڕ دەبێ. ئێمە تەنها دەتوانین هیوادار بین کە شۆڕشێکی گەورەی کۆمەڵایەتی وەکوو سێلاوێك هەموو ئەو نەهامەتییانە بسرێتەوە. دیارە نمونەیەك لە وەها سێلاوێکمان لە بەهاری عەرەبیدا دیت، کە بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کە ڕێبەری نەبوو، ڕێکخستنی نەبوو، ئەوەندەی دەوام نەبوو کە کەم و کوریەکانی چارەسەر بکات بە ئاکامی دلخۆاز خۆی نەگەیشت. بەڵام ئەوە نیشانی دەدات کە وەها ئارەزوویەك بۆ بەرپا بوونی وەها شۆڕشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی خەیاڵاوی نییە، دەتوانێ خەیاڵاوی نەبێ.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم لەم وەزعیەتەدا کە باستان کرد، لەم تەوازنی قوا هەیە لە بەینی هێزە ناوچەییەکان ، هێزە بە دەسەڵاتی ناوچەیەکان و زلهێزەکان و ئەوانە، وەزعیەت بە کام بارا ئەڕوا پێت وایە زیاتر، دیپلۆماسیە؟ شەڕە؟ گەمارۆی ئابووریە؟ سەرجەمی ئەم شتانە بەرەو کوێ ئەڕوات؟

**وڵام:** لە ڕاستیدا هەمووی ئەوانەی کە ئێوە باستان کرد، دەتوانێ لێێ بکەوێتەوە. تەنانەی لێشی کەوتۆتەوە. جارێ لە شەڕی نیابەتی و یان ڕاستەوخۆدا، کەمی نەهێناوە ئەوەتا لیبی هەر ئێستا، یەمەن، سوریە، تا دوێکە عێراق ئێستا تورکیە و هەرێمی کوردستان هەمووی ئەو ناوچانە بوونە گۆمی خوێن، سەبارەت بە ئابووری تا بکرێ سەروەتی ژێر زەویان بە تاڵان دەبەن، ئینجا وابەستەیان دەکەن بە یەك بەرهەم، ئەوجار بە هەرزان کردن و گران کردنی نرخی ئەو یەك بەرهەمەش، کە نەوت بێ، ئابوورییەکەیان ئەم بار و ئەوبار پێ دەکەن. ئەوەش نەبوو دەیان خەنە ژێر باری قەرزەوە وە قەیرانی ئابووری خۆیانیان بەسەر دا دەشکێننەوە. بەڵام سەبارەت بە هاوسەنگی هێز لە پرسیارەکەی ئێوەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك لەو ناوچانەیە کە پێمان دەڵێ جیهانی یەك جەمسەری دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیتحادی شوڕەوی، کە بۆ ماوەیەك ئەمریکا خۆی وەکوو سەرکردەی یەکەمی جیهان دەزانی ئەو جیهانە تەواو بووە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستا بە تەواوی پاوانی هیچ دەسەڵاتێك نییە. دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش نە بە تەواوی سەربەخۆن و نە بە تەواوی گرێدراون. هەر کامەیان بەرژەوەندی خۆیانیان هەیە. بەڵام هەم لە ترسی ڕاپەڕینی جەماوەر و هەم لە ترسی کێبڕکێی ڕەقیبەکانی محەلی خۆیان هەوڵ دەدەن لە کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوان زلهێزەکان دا جێگای خۆیان بکەنەوە، هەوڵ دەدەن پشتیوانی ئەم یان ئەو بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، سەرەڕای ئەو واقعیەتانە کە باس کرا بە شێوەیەکی گشتی چاو لێ بکەین لە هاوسەنگیەکی ناسەقامگیردا دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەك باڵا دەست ترە.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم ئەو ناوچە وەختی تماشایەکەی، تماشای نەقشەی سیاسیەکە دەکەی ئەگەری نەقشەی حزبیشی ئەگەر دابنێین یا جەریانەکان لایەکەت تاڵبانە لایەکت داعشە ئەلقائیدەیە حیزبوڵایە حەشدی شەعبیە جمهوری ئیسلامی و ئەوانە ئەمە بەرەو کوێ ئەڕوات؟ ئێخوانولمۆسلمینە ئەم هەموو هێزە ئیسلامییە کە ئاوا خەریکە ئەکوڵێن بەیەکەوە بەرەو کوێ ئەڕوات ئەم شتە؟

**وڵام:** لەو دیاردانەی کە ئێوە باستان کرد بە ڕاستی لە هەموویان یانی مەترسیدارتر وە ئێستا کاریگەرتر لەسەر ئەوەیکە نەهامەتی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بێنێ، ئیسلامی سیاسیە. بەڵام هەم دەبێ تواناییەکانی و هەم لاوازیەکانیشی بناسین. ئیسلامی سیاسی لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەوتێکی واقعییە وە ژانەسەرە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان، بەڵام لە ئێستادا ڕەوتێکی ڕوو لە گەشە نییە، لە نموونەی ئێران لە نموونەی داعش لە نموونەی تاڵبان، لە هەمووی ئەوانەدا بۆ جەماوەر دەرکەوت کە ئیسلامی سیاسی ڕێگایەك نییە بۆ ژیان، ڕێگایەك نییە کە خەڵك ئینتخابی کات، بە دلخۆاز بڵێ ئەوە ڕێگایەکە بۆ ژیانم. دەتوانین دواتر لە سەر ئێران بە وردی باس بکەین. بەڵام واقعێتییێك هەیە ئەویش ئەوەیە، هەر دیاردەیەك هەر چەندیش کە پێگەی کۆمەڵایەتییەکەیشی لاواز بێ لە سەردەمی ئەزمەدا، کاتێك کە کۆمەڵگا تووشی ئەزمەیە، لە نەبوون و لاواز بوونی هێزی پێشڕەودا، دەتوانێ سەر هەڵبداتەوە.یان با وردتر بڵێین زەرفیەتی سەرهەڵدانەوەی هەیە. نموونەی ئیتحادی شوڕەوی. لە ئیتحادی شووڕەوی دوای ئەوەیکە ئەم وڵاتە تووشی قەیران بوو وە بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو دیتمان کە هەر بۆ نموونە لە وڵاتانی ئاسیای مەرکەزی، دەولەتی عەرەبستان دوو ملیۆن ژمارە قورئانی بڵاو کردەوە. پاپ بۆ هەر وڵاتێکی ئۆروپای شەرقی دەچوو بە ملیۆن خەڵك دەچوون بەرەو پیری. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە مەزهەب بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ بوو لە ژێر فشار دابوو وە دەورێکی نەمابوو لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا. بەڵام کە ئەزمە بوو کە ئەڵترناتیف نەبوو، بارودۆخی شۆڕشگێڕانەش نەبوو، چی دیاردەی دواکەوتووی کۆن و خراپ هەیە هەموی سەر هەڵدەدات و هەمووی دەبن بە زەمینە بۆ بەرەودوا بردنی کۆمەڵگا. نمونەی عێراقی دوای سەدامیش هەر وابوو. دیارە خۆ ڕووخانی سەدام شتێکی دڵخواز بوو هەموو کەس پی خۆش بوو جنایەتکارێکی وا لەسەر کار نەمێنی، بەڵام لە بەر ئەوەی بەدیلێکی نەبوو، دیتمان لە داعشەوە بگرە تا جەریاناتی زۆر دواکەوتووی مەزهەبی شیعەی دژی سونی، سونی دژی شیعە هەمووی ئەوانە سەریان هەڵدا و ئەو کارەساتەیان بەسەر عێراق هێنا. بۆیە ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو کوێ دەچێ، بەڕاستی ئێمە دەبێ هەمیشە ئۆمێدەوار بین بەعزێك دیاردە هەیە کە نیشان دەدا ئەو ئۆمێدەواریە بێ بنەما نییە ئەوەی کە لە بەهاری عەرەبی ڕوویدا نیشان دەدا کە لە جەرگەی وەها ناوچەیەکیشدا، ئیمکانی سەرهەڵدانی حەرەکەتی پێشکەوتن خوازانە هەیە. شکستێك دەتوانێ دەرسی خۆی هەبێ و ئامادەی بکات بۆ سەرکەوتنێك. ئەوەیکە هەر ئەو یەکساڵی ڕابردوو لە لوبنان ڕوویدا، ئەوەیکە لە عێراق لە جەریاندا بوو کە جەوهەر و ناوەرۆکێکی زۆر پێشکەوتخوازانە و هیوابەخشی هەبوو. دیارە ناتوانین زۆر خۆش بینانە قسە لە شۆڕش و سەرکەوتنێك لە کورت ماوەدا بکەین وە ناش بێت ئەوەندە تاریك بین کە هیچ ئۆمێدێکمان نەبێ بەوەیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرئەنجام لەو نەهامەتی و کارەساتانە ڕزگاری دەبێ.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم بۆ خۆشتان ووتتان لە بەشێك لە قسەکانی پێشوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو برینی سارێژ نەکراو هەیە، یەکی فەلەستینە یەکی کوردستانە، زاهری شتەکە وا نیشان دەدا هیچ شتێك نییە بۆ حەلی ئەم مەسەلە، دەیانهەوێت لە ناوی ببەن لە واقعدا ئەوانە، ئێوە ئەم دوو مەسەلە چۆن دەبینن؟

**وڵام:** هەر دووکی ئەم کێشانە بەداخەوە هەروەکوو ئێوەش ئاماژەتان بۆ کرد لە بارودۆخێکی دژواردان. لە بەرابەر هەر دووکیاندا وەکوو کێشە نەتەوایەتی بەربەستی گەورەی نێودەوڵەتی لە ئارادایە. جارێ بۆ مەسەلەی کورد بڵێین هیچ زلهێزێك ئێستا نایهەوێ کایە بە کێشەی کورد بکات تەنانەت کایەشی پێبکات، کە هەڵبەت جاروبار بۆ مەبەستی کاتی کەڵکی لێ وەردەگرن، دوای ماوەیەکیش پشتی تێ دەکەن وەکوو ڕۆژئاوا کە دیتمان گورگان خواردویان کرد، یا بۆ بەرتەسکردنەوەی هەوڵ دەدەن وەکوو ئەوەی ئێستا لە باشوور دەیبینن. بۆیە لە ڕاستیدا هیچ نیشانەیەك نابینین کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد و پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لە ئاکامی گۆڕینی جۆغرافیای ناوچەکە، لە ئاکامی شەڕ بێ یا لە ئاکامی تەوافوقی نێوان زلهێزەکان بە دی بێت. ئەمە ئەگەر کەسێك خۆشباوەڕیەکی هەبێ ئەم خۆشباوەڕیە تەنها دەستەوەستانی و ئینفعالی لێ دەکەوێتەوە. کەوابێ خەڵکی کورد لە هەرکام لەو پارچانەی کە تێیدایە، پێویستە ڕێگایەکی واقع بینانە و عەمەلی و کەم زەرەرتر بگرێتە بەر. وە ئەو ڕێگایە هیچ شتێك نیە غەیری ئەوەیکە لەو وڵاتانەی کە خەڵکی کورد تێیدا دەژی بە شوێن هاوپەیمانانی ڕادیکاڵی خۆی لە هەر چوار وڵاتەکەدا بگەڕێ. وە خەباتی خۆی بە خەباتی ڕزگاریدەری خەڵکی ئەو وڵاتانەوە گرێ بدا. من پێم وایە ئەوە سەرڕاسترین ستراتێژە بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی پێشێلکراویان. تا ئەو جێگایەش کە بە خەباتی چینایەتی و مافی کرێکار و زەحمەتکێش هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوە لە ئاستێکی سەرتاسەریدا لەو وڵاتانەدایە کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانن بە هاوپەیمانی لەگەڵ هاوچارەنووسانی خۆیان لە ئاستی سەراسەریدا، هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە کوردستانیش بە قازانجی خۆیان بگۆڕن.

**پرسیار:** لە وڵاتێکی وەکوو عێراقدا لێتان ئەپرسن باشە ئەوانە کێن یانی خەڵکی کورد لەگەڵ کێ هاوچارەنووسە؟

**وڵام:** نەك هەر لە عێراقدا لە ئێرانیش ئەگەر چاو لە سیمای ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێستایان



بکەین لەوانیە ئاسۆیەکی ڕوون نەبینین. پێویستە ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکان ببینین. ئەو ڕەوتەی بۆ نمونە لە مەیدانی تەحریری بەغدا لە ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵدا، سێکۆلارە ە، پێشکەوتخوازە ، عەداڵەتخوازە. کۆمەڵێکی زۆر جەوانی لێبڕاوی جەسووری هێنابووە مەیدان کە سنگیان بە گولەوە دەنا بۆ دابین کردنی ئاوات و ئامانجەکانیان، ئەوانە دەتوانن هاوپەیمانی خەڵکی کورد بن، ئایا ئەو حەرەکانە دەبن بە سازمان؟ دەبن بە ئاڵترناتیڤ؟ داهاتووی هەموو ئەو وڵاتانەش بەوەوە گرێی خواردووە، نەك هەر مەسەلەی کورد ئەم یا ئەو مەسەلەی دیاری کراوی محەلی. بەڵکوو چارەسەر بوونی هەموو کێشەکان بە چارەنووسی ئە جۆرە بزوتنەوانە گرێدراوە. ئەگەر لە ئێران یان لە عیراق، شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرپا بێت، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و پێشکەوتخواز بێنە ڕوو، ئاڵترناتیڤ درووست کەن ،ئەوە هێوابەخش ترە کە خەڵکی کورد پشتی بێ ببەستن، لە چاو ئەوەی کە لە گەمارۆی ئەو هەموو دوژمنەدا کە دەور تا دەوریان گرتووە بەو هاوسەنگیەی ناموناسبەی کە خۆیان لە ناو خۆیاندا هەیانە بتوانن بە ڕێگایەکی کەم ئازار ئاواتەکەیان بە دی بێنن.

سەبارەت بە کێشەی فەلەستین، دەوڵەتی ئیسرائیل ئامادە نییە لە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا ئەگەر تەنانەت ئەو فشارانەش واقعی بن، هیچ ئیمتیازێك بدات. ئەگەر خەڵکی فەلەستین ئۆمێدەوار بێ بەوەیکە فشارێکی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بەدەست بێنن، دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێگای پراوێز خستنی ئەو فشارانەی دیوەتەوە، پێوەندیەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانیش تا ئێستاش هەمووی بە زەرەری قەزییەی فەلەستین شکاوەتەوە. دەمێنێتەوە بیروڕای گشتی جیهانیی، بیروڕای گشتی جیهانی هەڵبەت شتێکی گرینگە. لە بازێ قۆناغدا کاری زۆر گەورەی پێ کراوە لە سەردەمی شەڕی ویەتنام دا یا تەنانەت ئەوکات بۆ خودی قەزیەی فەلەستین دەوری زۆر گرینگی بوو. بەڵام لەو وەزعەی ئێستادا بیروڕای گشتی جیهانیش تەنیا دەتوانێ بەشێك لە زیادە ڕۆیەکانی ئیسرائیل کونترۆڵ بکات. دەمێنێتەوە ئەوەیکە خەڵکی فەلەستین بە خەباتی خۆیان چی بە دەست بێنن. بە بڕوای من بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هاوسەنگی هێزە کە هەیە وە ئەو مەوقعیەتە کە لە ڕووی جوغرافیاییەوە تێیدان، خەڵکی فەلەستین لە باشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانن کارێك بکەن کە وەزعەکەیان لەوەی کە ئێستا هەیە خراپتر نەبێ. هەروەکوو بۆ مەسەلەی کورد باسمان کرد، لێرەش دەبێ هیوادار بین بە وەخەبەر هاتنی ویژدانی دانیشتوانی ئیسرائیل وە کۆتایی هێنان بە حکومەتی مەزهەبی لەو وڵاتە. بەوەش ئۆمێدەوار بین کە پێوەندییەکی خەباتکارانەی نێوان خەڵکی فەلەستین و جەماوەری خەلکی ئیسرائیل دابمەزرێت. بەڵام خۆی ئەوەش گیر و گرفت و بەربەستی زۆری لە بەردەمە. لە ناو خودی فەلەستینیەکانیشدا جەریاناتی وا هەن کۆنەپەرەست و زیانبارن بۆ دوارۆژی خەڵکی فەلەستین، ئەوەش ڕێگە دەگرێ لە وەها نزیك بوونەوە و یەکگرتویەك. لە خودی ئیسرائیلیش خۆ دەزانین هەم بەشێك لە خەڵکەکەیان چەواشە کردووە، بە لارێیاندا بردوون ، ئەو هێزانەش کە هەستێکی ئینسان دۆستانەی هاوپشتی فەلەستینیەکانیان تێدایە هێشتا لاوازن. بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیکە ئۆمێدێکیش بۆ ئەوان بەدی بکرێ هەر ئەوەیە . تەسەوری ئەوەیکە خەڵکی غەزە و لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن، بە خەباتی خۆیان دەوڵەتی یەکگرتووی فەلەستین پێك بێنن وە ئەو دیوارانە لابەن ببن، ئاوارەکان بگەڕێننەوە وڵاتی خۆیان و لە سەر خاکی خۆیان و بەهێزی خۆیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەدی نایەت. پێم وایە بەحسەکە بۆ دوارۆژی فەلەستین بەحسێکی کراوەیە.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم من دەمهەوێ لەسەر ئێران مەکسێکی زیاتر بکەم بەڵام پێش لەوە پێم خۆشە نەزەری جنابتان لە مەوردی ئەو دوو سێ وڵاتەی کە کوردی تێدایە عێراق و تورکییە و سوورییە بزانم.هەڵسەنگاندی گشتیتان چییە بۆ ئەم وڵاتانە؟ مەسایلەکانیان چییە بەرەو کوێ ئەڕوات؟

**وڵام:** دیار وردبوونەوەی لە هەمووی ئەوانە دیارە کاتی زۆر ئەوێ، بەڵام دەتوانین لە سەر هەر کامەیان چەند خاڵێك کە جەوهەرین باس بکەین. جارێ سەبارەت بە سوورییە کێشەی سورییە بە بڕوای من یان بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری دیکە یەك لایی دەبێتەوە، یان لە ڕێکەوتنی نێوان ئەمریکا و ڕوسییەدا، هەر دووکی ئەوانەش لە ئاسۆدان. هەر ئێستاش جموجۆلی جەماوەری لە دژی بەشار دەستی پێکردووە، ئەزموونی بەلاڕێدا چوون و شکستی بەهاری عەربیش لە ساڵی ٢٠١١ لە سورییە هەیە، خەڵك ئەوەشی لە بەرچاوە. لە کێشەی نێوان ئەمریکا و ڕووسییەشدا، ئەمریکا ئەوەی بەڕسمی ناسیوە کە لە دابەش کردنی بەرژەوەندییەکانی لە سوورییە ڕوسییە دەستی باڵای هەبێت. بەڵام دیارە ڕێگا دەستی هەر هێشتۆتەوە بۆ خۆی کە هەر کات ویستی خەلەلێکیشی تێ بخات،. ئەگەر دەوڵەتی بەشار ئەسەد کارگوزاری ڕووسییەیە، ئەمریکاش دەوڵەتی تورکییەش بۆ ئەو خەلەلەی کە باسم کرد بەکاردێنێت. دیارە دەوڵەتی تورکییە تەماعی خۆیشی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا ئامرازێکی بەهێزە بە دەست ئەمریکاوە بۆ ئەوەیکە کاریگەری هەبێ لە سەر بارودۆخی سورییە، لەو ناوەدا بزووتنەوەی ڕۆژئاواش مەسەلەیەکی گرینگە. بزووتنەوەی ڕۆژئاوا لە ڕاستیدا بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیەوە زیندووە. بەعزە دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە کە بێ وێنە بوون لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوان توانیان کارگەلێکی زۆر گرینگ بکەن لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدا کە ئەنواعی پێکهاتەی مەزهەبی و نەتەوەیی تێدا هەیە. هەموو پێکهاتەکان لە دەوری یەك کۆ کەنەوە وە بیانکەن بە ئامرازێك بۆ ئەوەیکە نەیەڵن داعش زاڵ بێ، بیکەن بە ئامرازێك بۆ ئەوەیکە لە سبەی ڕۆژی گۆڕانکاریەکان لە سوریەدا دەوریان هەبێ. ئەوە بەڕاستی کارێکی کارستان بوو. نەیانهێشت کێشەی عەرەب و کورد بخولقێت و کێشەی مەسیحی و موسڵمان، هەمووی ئەوانەیان پووچەڵ کردەوە و ئەوە زۆر گرینگە. بەقەدر ئەوە گرینگ مەسەلەی ژنان بوو، ژنانیان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتییدا هێنا مەیدان، وە ئاستێکی زۆر بەرین کە ئەتوانم بڵێم هاوسەنگی هێزی لە هەموو ناوچەکە تا ڕادەیەك بە قازانجی ژن گۆڕی. سەرەڕای ئەوانە شێوەیەك لە ئیدارەی دیمۆکراتیك وڵاتیان دامەزراند، ئیدارەی شووڕایی، خۆبەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیك. ئەمانە هەمووی دەستکەوتن لە دوارۆژی سوورییەدا کاریگەریان دەبێ. بەڵام دەزانین کە ژومارەی دانیشتوانی کورد لە سوریە کەمتر لەوەبوو کە بە «کوردایەتی» بتوانن ئەو دەستکەوتانە بە دەست بێنن و بیپارێزن. ئەوان ناتوانن بە ناسیۆنالیزمی کورد مۆری خۆیان لە گۆڕانکارییەکانی دوا ڕۆژی سوورییە بدەن. ئەم دەستکەوتانەی کە بە دەستیان هێناوە کاریگەری درێژ ماوەیە هەیە و بێگومان لە جەرگەی ئەو کاریگەریانەدا خەڵکی کوردیش نیهایەتەن هەست دەکات کە ڕەنجێك کە بردوویەتی بە فیڕۆ نەچۆوە. پێم وایە کە جێگا و شوێنێکی جێی هیوای بۆ دوا ڕۆژی سووریە دەبێت.

لە سوورییە کێشەی دیکەش هەیە مەسەلەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە .کۆماری ئیسلامی لە ڕووی نیزامییەوە لە ژێر زەختی ئیسرائیل دایە و ڕوسییەش لای بۆ ئیسرائیل شل کردووە بۆ ئەوەیکە بە زەبری ئیسرائیل ئێران لە سووریە وەدەر بنێ. هیچ ئاسۆیەك نییە بۆ ئەوەی کە ئێران بتوانێ لەشکر و سپا و دام و دەزگای سەربازی خۆی لەوێ ڕابگرێ. ئێران دەتوانێ هیوادار بێ ، لەوانەی تۆزێکیش خۆی بۆ حازر کردبێ بۆ ئەوەیکە لە دوا ڕۆژی سەر لە نوێ بینا کردنەوەی سوریەدا دەورێك ببینێ، کە لەو سوورەتەشدا لە گەڵ ڕەقیبی زۆر بەهێزتر لە خۆی بەرەوڕووە و پێم وانییە شتێکی زۆری دەستبکەوێ.جارێ لە هەموو شتێك گرینگتر ڕووسیەیە. ڕووسییە ئەو هەموو خەرجەی کە تێدا کردووە و دەستی باڵاشی هەیە وا بە ئاسانی ڕێگا بۆ کۆمپانیا ئێرانییەکان و بۆ دام و دەزگای ئێران شیرکەتە ئێرانییەکان خۆش ناکات کەونە بازاڕ یانی مومکنە بەشێکی زۆر کەمیان پێ بدەن. عەرەبستانی سعودییە بە پوڵ و پارەی زۆرەوە دێتە ئەو مەیدانە، عەرەبستانی سعودی کە لە بۆاری نیزامیدا بە پشتیوانی کردن لە داعش کارێکی بۆ نەکرا، لە بۆاری ئابوری ڕەقیبی ئێرانە. بە هەمووی ئەوانەوەیە کە دەڵێین بۆیە لە داهاتووی سوریەدا کۆماری ئیسلامی ئێران نیهایەتەن دۆڕاوە . سەبارەت بە عێراق کە پرسیارتان کرد. چەند فاکتۆر هەیە کە هەر کامەیان بە نۆبەی خۆیان توانای ئەوەیان هەیە کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە دابنێن، یەکەمینیان ئەو جەماوەرەی لە شوێنە شیعە نشینەکان کە لە دەسەڵاتی حیزبەکان بێزارن و ساڵی پار بەردەوام لەسەر شەقام بوون، وە خەڵکی سوونەش خەریك بوو وردە وردە پێیان پەیوەست دەبوون. کۆرۆنا هاتە فریای دەوڵەتەوە وتا ڕادەیەك دایمرکاندەوە. بەڵام وشیاریەك کە لە ئاکامی ئەو سەرهەڵدانە پەیدا بووە جەسارەتێك کە لە خۆیان نیشانیان دا، بێزارییەك کە لە دەسەڵاتی حیزبە شیعەکان پەرەی سەندووە وای کردووە کە ئەم حەرەکەتە وەکوو ئاوری ژێر خۆڵەمێش وایە وە کەس ناتوانێ حیسابی بۆ نەکات. بەڵام ئایا دەتوانێ ببێ بە ئاڵترناتیوێکی باش بۆ دوارۆژی عێراق؟ ئەمە جارێ لە ژێر پرسیار دایە. مەسەلەیەکی دیکە لە عێراق مەسەلەی حەشدی شەعبیە. حەشدی شەعبی کێشەیەکی ئاسان نییە. حەشدی شەعبی سەد هەزار چەکداری ڕێکخراوی هەیە. ئەو هێزە ئیمکانی ئەوەی هەیە گرەوکەشی لە دەسەڵاتی ڕەسمی بکات. لە سەرکوت کردنی حەرەکەتی جەماوەریش دەور دەنوێنێ. سبەی ڕۆژ ئەگەر تەنانەت لە ژێر سێبەری یاسایەکی تا ڕادەیەك دێموکراتیك تری هەڵبژاردنیش دا، پێش بینی گۆڕانکارێك لە دەسەڵاتدا بکرێ، ئەو هێزە توانای ئەوەی هەیە کە سەندوقەکانیش بە مەیلی خۆی ڕێك بخا. لە واقعدا حەشی شەعبی بەو میراتەی قاسم سولەیمانی بۆی بەجێ هێشتوون وە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ. یانی ئەوەیکە ئێستا سەرۆك وەزیرانی تازە تا ڕادەیەك بەربەستیان بۆ دروست دەکات، پشتیوانی ئەمریکای لە پشتە. فاکتۆرێکی دیکەی کاریگەر لە سەر دوارۆژی عێراق ئەمریکایە. ئایا ئەمریکا بە ئاسانی دەست لە عێراق هەڵدەگرێ،ئەوە لە پەرلەمانی عێراق وتوویانە دەبێ ئەمریکا بچێتە دەرێ بێبنەمایە. ئەمریکا لە عێراق لە ڕووی نیزامیەوە ڕقیبێکی زلهێزی نییە. ئەوەیکە لەوێ هەن هەموو هاوپەیمانی ئەوون. ئەمریکا زیاتر لە ٤ هەزار کەسی کوشتە داوە، سێ هەزار ملیارد دۆلار تێدا خەرج کردووە. ٥٠ هەزار پەککەوتەی بردۆتەوە ، بەو هەزینە زۆرەی کە بۆی کردۆە لە شوێنێکی حەساسی وەك عێراق وا بە ئاسانی بە جێ ناهێڵێ. بەڵام ئەوەی کە مەعلومە دەر هەر حاڵ هێز بە کار هێنانی ئەمریکا هەرگیز لە هیچ شوێنێکی دنیا خێر و خۆشی بۆ خەڵك لێ نەکەوتۆتەوە. لە پاڵ ئەوانەدا ئەڵبەتە تورکییە، عەرەبستان و تەنانەت جمهوری ئیسلامیش هەر هەیە. ئەوانەش کاریگەری لە سەر وەزعەکە دادەنێن وە ئەوانە هەمووی قەزیەکەیان ئاڵۆزکاوتر کردووە. دواجار بەڕاستی مەسەلەی کوردە. دەسەڵاتی هەرێم ئامرازەکانی زەخت هێنانی بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی زۆر زۆر لاواز بووە. ئەگەر بیانەوێ بە کوردایەتی لە بەرابەر دەسەڵاتی مەرکەزیدا خەڵك بەسیج کەن، خەڵکیان بە هۆی نارەزایەتییەك کە لە دەسەڵاتی ئەم دەیەی ڕابردوو هەیانە لەگەڵ نەماوە. هێزی چەکداریان ئەوەی پێ ناکرێ کە بتوانێ لە بەرابەر هێزی ئەوان ڕاوەستێ. نمونەی ئەوەی دوای ڕێفراندۆم ڕوویدا مەعلوم بوو موقاوەمەتیان پێ نەدەکرا. ئەوەتا ئێستا وردە وردە هاتوون لە دەوروبەری خانەقین بە بیانوی داعشەوە، واقعەن داعش بیانوە لە بن چنگیان شین بوونەوە، ئینجا ئابووری سەربەخۆیان بۆ جێبەجێ نەبوو، نەیانتوانی نەوت بفرۆشن موشکیلەیان هەبوون، دەوڵەت نەبوون خەڵك نەوتیانی لێ نەدەکڕین، پوڵی نەوتەکەیان بە بارەمتە لێ گرتوون لە تورکییە پێیان نادەنەوە ئەسڵەن ئیمزای دەوڵەتی مەرکەزی نەبێ هیچ پارەیەکیان دەست ناکەوێ، دەمهەوێ بڵێم کە مەسەلەی کورد لە عێراق لە ژێر زەختێکی زۆر دژوار دایە ، ئەو کاریگەریەی ئێستا ناتوانێ لە کورت ماوەدا لە سەر هاوسەنگی هێز لە ناو ئەو فاکتۆرانەدا کە باسمان کرد، تەنها یەك ڕێگا دەمێنێتەوە، یەك ڕێگا کە ڕێگایەکی دڵخۆش کەرە ئەویش خەڵکی کورد بە خەباتی خۆی بەو خەباتەی کە لە مەیدانی تەحریر سەری هەڵداوە گرێ بدا، پشتیوانی لێ بکا بە گەرم و گوڕی بە دەمیەوە بچێ، دروشمەکانی هەڵگرێتەوە ئەویش، وە ئەوە بە بڕوای من زەمینەیەك پێك دێنێ ئەگەر سبەینێ گۆڕانکاریەکیش لە عێراق پێکهات ئەوان بتوانن سەهمی خۆیان لەو گۆڕانکاریە بە دەست بێنن.

سەبارەت بە تورکییە دیاردەیەك کە دەیبینین ئەو زێدە خوازیانەی کە ئۆردۆغان هەیەتی ئەوە دەبینی لشکری ناردووە بۆ لیبی ئەوە بەشێك لە ڕۆژئاوای داگیر کردووە ئەوە بەشێکی لە باشوری کوردستانی داگیر کردووە ئەوە هەڕەشە لە ئەرمەنستان دەکا لە کێشەی بەینی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا دەخاڵەت دەکات، ئەوە هەڕەشە لە یونان دەکات لەسەر مەسەلەی قبرس. ئەم زێدەخوازیانەی ئەردۆغان ب کورد وتەنی «کالا لە قەدەر باڵا نییە«، ئەوانە ماجەراجوویی گەلێکن کە نیهایەتەن سەر شکستەگی بۆ ئەردۆغان بەدی دێنن شکم نییە لەوەدا کە ئەردۆغان دۆڕاوی ئەم سیاسەتەیەتی. تەنانەت لە مانۆڕی بەینی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕوسییەشدا نەیتوانی ئەو هاوسەنگییە بەرقەرار بکات وە هەر ئەوان بوون کە ئیستفادەیان لێ کرد. ڕاستە هەندێك ئیمتیازیان پێ داوە هەندێك شتیان خستۆتە بەردەمی، بەڵام ئەو مانۆڕانەشی نەتیجەیەکی وای نەبوو. پێوەندیەکانی لەگەڵ ئۆروپا شێواندووە تازە هەموو ئەو ئۆمێدەی کە دەکرا بۆ ئەوەیکە ڕۆژێك لە ڕۆژان تورکییە بە یەکێتی ئ ئۆروپا پەیوەست بێ، ئەوەش هەموو کوێر بۆتەوە. قەیرانی ئابووری ئەو وڵاتەی پێ کونترۆڵ ناکرێ، سەردەمی ڕەونەقی ١٠، ١٥ ساڵ لەوە پێش کۆتایی هاتۆە و بە تایبەت کرۆناشی هاتۆتە سەرێ ئەو قەیرانەشی پێ کونترۆڵ ناکرێ. لە بەر ئەوە من پێم وایە ئەم زێدەخوازیانەی تەوەهومە. نەشیتوانیوە یەکگرتوویی ناو حیزبەکەی خۆشی بپارێزێ. ئاکامی هەموی ئەوانە چی لێدەکەوێتەوە؟ نازانم. بەڵام ئەوە دەزانم کە قەیرانی ئابوریەکەی لەگەڵ خەباتێکی چڕ و پڕی کرێکاری بەرەوڕووی دەکاتەوە. چینی کرێکار لە تورکییە پێشینەی هەیە سونەتی هەیە و هێز و توانای هەیە. وە پێم وایە لێی وەخۆ دەکەون. بێجگە لەوانە حیزبە نەیارەکانیشی لە ناکامی و شکستەکانی کەڵك وەردەگرن و ئەگەر هەڵبژاردنیش بێت، ئەو جارەیان ئۆمێدێك بۆ سەرکەوتنی بەدی ناکرێ. لە سەر مەسەلەی کوردیش ئەوەی کە ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە ئۆردۆغان ئامصادە نییە بەهیچ چەشنە نرمی نیشاندان و دانی ئیمتیازێك تەنانەت بە دانی ئیجازەی فەعالیەتێکی ڕێك و پێك بەحیزبێکی قانونیش کە «هەدەپ» بێ. لە بەر ئەوە هیچ ئۆمێدکیش نییە بۆ ئەوەیکە بۆ مەسەلەی کورد ڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە بێتە کایەوە. دیارەمەسەلەی کوردیش لە تورکییە لەو مەسەلانە نییە کە بە ئاسانی بتوانێ پەراوێزی بخا. بۆیە گۆڕانکاری بۆ دوارۆژی تورمیە پێشبینی دەکرێ.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم بەحسی ئەسڵیەکەمان لەسەر ئێران و لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ئەوە ئێستا گەیشتونەتە ئەوە پێتان وایە بۆچی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بەو هەموو بوحرانانەوە ٤١ ساڵ لە سەر دەسەڵات بمێنێتەوە؟

**وڵام:** چەند هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکەمینیان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕیزەکانی خۆی باش ڕێکخستووە. سوپا و بەسیج و دەزگا ئەمنیەتییەکانی و دەوڵەت لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیە، ئەوانە بە پێچەوانەی ڕژیمی شا یا بە پێچەوانەی ڕژیمەکانی ئەو ناوچەیە سیستمێکی کارتۆنی نیین، ئەمانە تەشکیلاتی واقعین و باش تەیار کراون، باش تێر کراون و باش ڕێکخراون. دوهەمیان بێ بەزەیانە سەرکوت کردن. لە ئێران لە دەیەی ٦٠ لە دەیەی ٧٠ لە دەیەی ٨٠ ی هەتاوی لە هەمووی ئەو دەیانەدا دەزانی سەرهەڵدان هەبووە، لە ناوچەیی بووە لە تاران بووە لەم شار و لەو شار بووە، سەراسەری بۆە، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانە بە نیهایەتی بێبەزەیی هێزی سەرکوتی بەکار هێناوە. لە دەیەی ٦٠ ئەو کوشتارەی کە کردی، دەیەی ٦٠ هێشتا شۆڕشی ئێران بەتایبەت ساڵەکانی ئەوەڵی بە تەواوی سەرکوت نەکرابوو. هێشتا لە تاران لە بەشێك لە کوردستان کە بە جێی خۆی، لە تورکەمەن سەحرا لە شومال لە خوزستان لە جێگای دیکە لە ئیسفەهان سەرهەڵدان، موبارزە، موقاوەمەت، لەهەموو جۆرێکی بوو.

درێژەی :ل٤

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە پیلانگێڕیی هاوبەشی دەوڵەتانی تورکییە، ئێران و عێراق دژبە خەڵکی کوردستان

ڕووداوەکانی دوو حەفتەی ڕابردوو، دەستپێکی دووبارەی هاوکاری و هاوئاهەنگیی دێرینی ڕژیمەکانی ئێران و تورکییە و عێراقمان دژبە خەڵکی کوردستان پێ نیشان دەدات. ئەم جارەیان دەوڵەتی تورکییە لە ناوەندی ئەم پیلانگێڕیە دایە و هیدایەتی ئەم هاوئاهەنگیەی وەئەستۆیە. لە حاڵێکدا کە پێشڕەویی ئەرتەشی تورکییە لە کوردستانی عێراق هەروا درێژەی هەیە، کۆماری ئیسلامی هێزەکانی لە سەر سنوور جێگیر کردووە و هاوکات لەگەڵ ئۆپراسیۆنی ئەرتەشی تورکییە، ناوچە سنووریەکان، بەبیانووی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە تۆپباران دەکات. دەوڵەتی عێراق بە گرتنەبەری بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم دەستدرێژیەی ئەرتەشی تورکییە و ئۆپراسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بەکردەوە، ڕێگای بۆ بەریەوە چوونی ئەم سیاسەتە خۆش کردووە.

فڕۆکەکانی ئەرتەشی تورکییە، بەردەوام چەندین ناوچەی بەرین لە کوردستانی عێراق بۆمباران دەکەن. بەهۆی ئەم هێرشانە، هەتا ئێستا لانیکەم ٥ کەسی دانیشتووی ناوچەکە گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. دارستانەکانی ناوچەکە لە ئاگردا دەسوتین و ماڵ و حاڵی خەڵکێکی زۆر وێران بوون. هێزەکانی ئەرتەشی تورکییە، دەیان کیلۆمیتری دیکە لە قووڵایی کوردستانی عێراق پێشڕەویان کردووە و شوێنی جێگیربوونی پێشووی خۆیان پەرە پێداوە. هێرشەکانی ئەم قۆناغەی ئەرتەشی تورکییە، چەندین ناوچە لە دەوروبەری شارەکانی زاخۆ و دهۆک، تا کەمپی پەنابەرانی مەخموور لە باشووری هەولێر و کوێستانی شەنگال لە ڕۆژئاوای موسڵ لەخۆدەگرێت. ئەرتەشی تورکییە لە مەسیری پێشڕەوی خۆیدا، بە ئامانجی ماندگار بوون، دەستی داوەتە سازکردنی دەیان پێگەی نوێ و بە هەزاران سەربازی خۆی، تییاندا جێگیر کردووە. ئەگەرچی ئامانجی ڕاگەیەندراوی دەوڵەتی تورکییە، پێشڕەوی بەرەو زنجیرە چیای قندیل، واتە شوێنی جیگیربونی هێزەکانی پەکەکەیە، بەڵام لەڕاستیدا، بەو بیانوویەوە بەشوێن ئامانجگەلیکی زێدەخوازانە لە ناوچەکە دایە. داگیرکردنی چەندین بەش لە کوردستانی سووریە، ناردنی هێز بۆ لیبی و داگیرکردنی چەند بەشێک لە کوردستانی عێراق، ئاژاوەگێڕی و هەڕەشە لە قیبرس، هەر هەموویان، بەکردەوە دەرهێنانی سیاسەتێکی زێدەخوازانەیە کە ئەردۆغان بەشوێن جێبەجێ کردنیەوەیەتی. دەوڵەتی ناوەندیی عێراق کە هێچ دەرفەتێک بۆ سنووردارکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدەست نادات، لە بەرامبەر داگیرکردنی چەندین ناوچەی بەرین لە کوردستانی عێراق، بە گرتنەبەری بێدەنگی، بەکردەوە، دەستی دەوڵەتی تورکییەی لە دەستدرێژی بۆسەر ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان ئاواڵە هێشتووەتەوە. دەوڵەتی ئەمریکا کە هێستاش یەکێکە لە هێزە چارەنووس سازەکان لە ساحەی سیاسی عێراقدا، چاوی لەسەر دەستدرێژیەکانی کۆماری ئیسلامی و داگیرکاری دەوڵەتی تورکییە لە کوردستانی عێراق، بەستووە. بێدەنگیی ئەمریکا لەئاست تۆپباران و مۆشەک هاویشتنی کۆماری ئیسلامی و پێشڕەویەکانی ئەرتەشی تورکییە لە کوردستانی عێراق، هەموویان ئەو ڕاستیەمان پی دەلین کە دەوڵەتی ئەمریکا، درێژەی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕاستای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا لێکدەداتەوە. لەو نێوەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستێکی فۆڕماڵ، بەکردەوە، کەوتووەتە پەراوێزی ئەم ڕووداوانەوە.

بەڵام پووچەڵ کردنەوەی پیلانگێڕی لە وەها پانتاییەکدا،تەنیا لە توانای جەماوەرێک دایە کە عەزمیان جەزم کردبێ کە بۆ دابین کردنی ئازادی و وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان ڕاپەڕن، دەست لەناو دەستی هاوپەیمانانی ڕاستەقینەیان، واتە ستەملێکراوان و چەوساوەکانی هاوچارەنووسیان، لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکییە، بە شۆڕشی خۆیان، ڕژیمە دیکتاتۆرە گەندەڵە دەسەڵاتدارەکان لە ڕیشە دەربێنن و بە دەستی خۆیان، دونیای مرۆڤی ئازاد و یەکسان بنیات بنێن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی

٢٥ی ژوئنی ٢٠٢٠ی زایینی

***

# کرانەوەی مەدرەسەکان لە بارووداۆخی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا

ڕۆژی شەممە ١٥ی خەرمانان، حەسەن ڕووحانی لە ڕێگەی ویدیئۆ کۆنفرانسێکەوە، فەرمانی کرانەوەی حزووریی مەدرەسەکان و دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی دا. دەرکردنی وەها فەرمانێک لە حاڵێکدایە کە بە وتەی وتەبێژانی وەزارەتی تەندرووستیی ڕژیم تا ١٤ی مانگی خەرمانان و بە پێی "ئاماری ڕەسمی"ی ئەم وەزارەتخانەیە پتر لە ٢٢ هەزار کەس بەهۆی تووش بوون بە نەخۆشیی کۆرۆنا گیانیان لەدەست داوە و هەمووانیش دەزانن کە ئەم ئامارە واقعی نییە و ڕێژەی قوربانیان زۆر زیاتر لەو ئامارانەن.

پێشتر عەباس ئاقازادە، سەرۆکی کۆی گشتیی ڕێکخراوی نیزامی پزیشکی، لە نامەیەکدا بۆ ستادی نەتەوەیی بەڕێوەبەریی کۆرۆنا، وێڕای ئاماژە بەوەیکە "کرانەوەی حزووریی مەدرەسەکان" لەگەڵ بارووداۆخی گشتگیربوونی کۆرۆنا و وەزعییەتی سووری زۆرێک لە ناوچەکانی وڵات یەک ناگرێتەوە، لە ئاست ڕوودانی "کارەساتێکی مرۆیی" هۆشداری دابوو. هەروەها بەکارهێنەرانی تویتێر، ڕۆژی هەینی ١٤ی خەرمانان، بە وەڕێخستنی کەمپەینی "نا بۆ کرانەوەی مەدرەسەکان"، خوازیاری ڕێگری لە کردنەوەی مەدرەسەکان بوون. پێشتر بەرپرسانی دەوڵەت و وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش ڕایانگەیاندبوو کە ساڵی نوێی خوێندن لەو ئۆستانانەی کە بارووداۆخی کۆرۆنایان سوور ڕاگەیەندراوە، بەشێوەی غەیرە حزووری و مەجازی دەستپێدەکات، بەڵام لە ڕۆژانی کۆتایی حەفتەی ڕابردوودا بڕیارەکەیان بۆ "کرانەوەی حزووریی مەدرەسەکان" گۆڕی.

ناوەندی پیشەیی موعەلیمانی تاران، بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەک لە ئاست کرانەوەی پێشوەخت و بەپەلەی مەدرەسەکان هۆشداری دا و دواهاتی ئەم بڕیارە هەڵنەسەنگێندراوەی خستە ئەستۆی بەرپرسانی وڵات. ناوەندی پیشەیی موعەلیمانی تاران وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لەئاست کرانەوەی مەدرەسەکان و کەوتنە مەترسیی گیانی موعەلیمان و خوێندکاران، بەنیسبەت سڵامەتی پتر لە ١٥ ملیۆن خوێندکار و پتر لە یەک و نیو ملیۆن موعەلیم هۆشداری دا. لەو ڕاگەیەندراوەدا وێڕای ئاماژە بە بارووداۆخی نالەباری کەرەستەی تەندرووستی مەدرەسەکان و کەوتنەمەترسیی گیانی موعەلیمان و خوێندکاران، هاتووە: "نەبوونی سابوونی مایەع، نەبوونی ماددەی پاککەرەوە بۆ گەندبڕکردنی سێرویسی پاکوخاوێنی و کلاسەکان، هەواخۆریی نالەباری کلاسەکان و لە هەمووان گرینگتر هەژاریی ماڵیی بنەماڵەکان لە دابین کردنی پێداوستیەکانی وەک ماسک و دەستکێش و ژێلی گەندبڕکردن بۆ منداڵەکانیان، داستانێکی هەمیشەییە. کێیە کە نەزانێ حزووری دایمیی موعەلیمان لە مەدرەسەکان نە تەنیا گیانی موعەلیمەکان و بنەماڵەکانیان دەخاتە مەترسیەوە بەڵکوو بۆ خوێندکارانیش کە بەشێوەی نیو وەخت دەڕۆنە مەدرەسە، مەترسیی گیانی دەخوڵقێنێ".

بەڵام ژانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێران، تەنیا کۆرۆنا و مەترسیەکانی نییە.تەندرووستیی ئەو منداڵانەی کە بنەماڵەکانیان لە چەندین قات ژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن، زیاتر لە کۆرۆنا و هێندێک جار خراپتر لە کۆرۆنا، لە ئاکامی بەدخۆراکی دایمی، کەوتووەتە مەترسییەوە. دەوترێ کە لە قۆناغی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا، خوێندکاران لە ماڵێ بە شێوەی ئانڵاین فێر کراون. ئەوەش یانی چینایەتی بوونی بەتەواو مانای پەروەردە و فێرکردن. بنەماڵەیەک کە نان دەرهێنەرەکەی بێکارەویان چەند مانگە حەقدەستی پێنەدراوە و ئەگەر حەقدەستەکەشی پێبدرێ چەند قات ژێر هێڵی هەژاریە، بەکام داهات بۆ منداڵەکانی تەبلێت بکڕێت و ئینتێرنێت دابین بکات. ئەویش ئەگەر منداڵەکانی بۆ دەرهێنانی نانێکی مەمرە و مەژی، ڕەوانەی بازاڕی کار یان ئاوارەی سەر شەقامەکان نەبووبن، یەکجار شانسی هێناوە.

نە تەنیا لەم بوارەدا بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا هەژاری لە سەرتاپێی گشت سیستی پەروەردە و فێرکردنی ئێرانەوە دەبارێ. ئەم سیستمە لە پێشکەوتنی زانستی و شێوازی مۆدێرنی ڕاهێنان لە ئاست جیهانیدا بێبەریە. کەرەستەی یارمەتیدەری فێرکردن لە مەدرەسە و دەبیرستانەکان، کە دەتوانێ لە پرۆسەی فێرکردنی خوندکاراندا کاریگەر بێت و تا ڕادەیەک ڕەنجی کاری موعەلیمان کەم کاتەوە، یەکجار کەمە. ژمارەیەکی زۆر لە مەدرەسەکان لە گوند و شوێنە هەژارنشینەکان، کلاسەکانیان شێدارە و ژوورەکانیان تلیشی بردووە و سووتەمەنیان نیە و سارد و کەم نوورن. هەمووی ئەم کەموکوڕیانە، دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی بەردەوامی ئەو موعەلیمە دڵسۆزانەن کە نایانهەوێ داهاتووی خوێندکارانیان زایە بێت و ساڵیانی مێرمنداڵی و لاوییان، بەمجۆرە بەفیڕۆ بڕوات. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، شوێنەکانی فێرکردن، پۆلیسین. ڕژیم بە بەسیج گیری و بەکرێگیراو پەروەری، ئەم شوێنانەی یەکجار نائەمن کردووە. ژمارەیەک لە موعەلیمانی دڵسۆز و ناڕازی دەستبەسەر کراون و لە زینداندا بەسەر دەبەن، ئەوانەش وا کە دەستبەسەر نەکراون، هەر چەند وەخت جارێک، لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە بانگ دەکرێن و هەڕەشەیان لێدەکرێ. ناڕەزایەتیی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوەی موعەلیمان کە تێیدا خواستە تەواوەن پیشەییەکانی خۆیان دێننە گۆڕێ، لە لایەن پۆلیسەوە هێرشی دەکرێتەوە سەر.

هەزارن موعەلیمی حەقولتەدریسی، بە قەراری دامەزراندنی کاتی، بە کەمترین حەقدەستەوە، ساڵیانی ساڵ لە دوورکەوتووترین شوێنەکان خەریکی کارن. ئەوان تەنانەت لە دەفتەرچەی بیمەی دەرمانیش بێبەرین. بەشێکی زۆر لەو موعەلیمانە، بەهۆی کار لە ناوچە دوورکەوتووەکان، ناتوانن پیشەیی دووهەم پەیدا بکەن و بەناچار، لە وەرزی هاویندا خەریکی کرێکاری و دژوارترین کارەکان دەبن. پشووی وەرزی هاوین بۆ ئەوان نەتەنیا بە مانای حەسانەوە و دەرکردنی ماندوویەتیی ٩ مانگ کاری دەرس کوتنەوە نییە، بەڵکوو، لە کۆتاییدا، بە لەشی ماندوو و کوتراویانەوە، کاری تاقەت پڕووکێنی ساڵی خوێندنی نوێ، دەست پێدەکەنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو دژوارییانەی کە لەسەر شانی موعەلیمان قورسایی دەکات، ئەوەیکە هیوابەخشە، ئەو ڕاستیەیە کە موعەلیمانی ئێران لە بەرامبەر وەها بارووداۆخێکدا تەسلیم نەبوون. ناڕەزایەتیی موعەلیمان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەردەوام بەشێک لە بزووتنەوەی زیندووی ئەم کۆمەڵگایە بووە.

***



# بەیادی قوربانیانی جەنایەت دژبە مرۆڤایەتی لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٧




لە ٣٢مین ساڵوەگەڕی قەتلوعامی بەندکراوانی سیاسی، بۆ جارێکی دیکە، بە ڕەواڵی هەموو ساڵێ، لە ڕۆژی هەینی ٧ی خەرمانان، کەسوکاری ئەو ئازیزانە لە خاوەران کۆبوونەوە. ئەوان ئەگەرچی دەردەدارن، بەڵام پارێزەری مێژوویەکی خوێناویی ئەم کۆمەڵگایەن. ئەوان هەموو ساڵێ کۆدەبنەوە، دەڕواننە ڕۆخساری پڕ لە ئازاری یەکتر و لە چاویاندا ئاواتی دادخوازی دەبیندرێ. ئەوان بە دەیان جار لە لایان پاسدارانی ڕژیمەوە هێرشیان کراوەتەوە سەر و هەموو جارێ بە کۆڵەبارێکی پڕ لە خەم دەگەڕێنەوە ماڵێ تا ساڵێکی دیکە بێت و دیسان پێ بنێنەوە خاوەران و هەموو گۆڕستانە بێ ناو و نیشانەکان لە سەرتاسەری جوگرافیای ئەم وڵاتە و گوڵبارانیان بکەن. ئەوان پایەدارترین هەڵگری دادخوازیی هەموو ئەوانەن کە ڕاشکاوانە وتیان "نە دەبەخشین و نە فەرامۆش دەکەین". نە لەبەر ئەوەیکە بیانهەوێ تۆڵە بکەنەوە، بەڵکوو دەیانهەوێ کۆمەڵگا لەبیری نەکات کە چ جەنایەتێکی مێژوویی ئەنجام دراوە و ماشێنی سەرکوت و مەرگ و ئەشکەنجەی ئەم نیزامە لە ماوەی ئەو سی و دوو ساڵەدا، ڕانەوەستاوە.

بۆ ئەو نەسڵەی کە ئەو ساڵە دژوار و پڕ لە جەنایەت و نەکبەت و کوشتارەی نەدیتبوو و لە باشترین حاڵەتدا چەند ڕەوایەتێکی لەو جینۆسایدە بیستبوو، ئێستا و لە جەریانی ئاخێزەکانی ئەم دوایانەی جەماوەر و جەنایاتێک کە لە سەر شەقام و لە ناو زیندانەکاندا ئەنجام درا، بوو دەرفەتێک تا جەنایەتەکانی دەیەی ٦٠، ڕوونتر بێتە بەرچاویان. ئەمجارەیان ئێتر "مۆنافقین"، "مۆلحیدین" و "مۆشریکین" نەبوون کە خرانە زیندان و ئێعدام کران و یان مەترسیی ئێعدام لەسەر سەریان دەسووڕاوە، ئەم جارەیان ئێتر تەنیا کوردستانی شۆڕشگێڕ نەبوو کە وێران دەکرا، ئەمجارەیان تورکەمەن سەحرا نەبوو، ئەجارەیان کرێکارانی خاتوون ئاباد نەبوون کە دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە، تەنیا شۆفیرەکانی شیرکەتی واحید نەبوون، تەنیا کرێکارانی هەفت تەپە، فوولاد، هێپکۆ و ئازەرئاب نەبوون کە زیندانی و ئەشکەنجە دەکران و دەدرانە بەر شەللاق، ئەمجارەیان هەزاران کەس لەو خەڵکە بوون کە ئێتر کارد گەیشتبووە سەر ئێسقانیان و شەقامەکانیان کردبووە گۆڕەپانی پڕگروتینی ناڕەزایەتی. ئەمجارەیان لە ساڵی ٨٨دا لە هەمان حاڵدا کەسانێک بوون کە خۆیان دامەزرێنەرانی ئەم نیزامە، خۆیان خۆقێنەرانی ساواما، خۆیان شایەتحاڵان و بەڕێوەبەرانی فەرمانی خومەینی لەو جینۆسایدەدا بوون و هەڵبەت ئەوەش گاڵتەیەکێ مێژوویی بوو کە ماشێنی سەرکوت سۆراغی ئەوانەی دەگرت کە لە پێگەی سەرۆکی دەزگای سێگانەوە چاوەدێری ئەو هەمووە جەنایەتە بوون و بزەی ڕەزیلانەی ڕەزایەتیان بەسەر ڕۆخساریانەوە دەبیندرا.

ئەوەیکە لە ساڵی ٦٧دا ڕووی دا، کەم و زۆر، مێژوو، نموونەی هاوشێوەی بەخۆیەوە بینیوە. تۆڵەی وەحشیانەی ئەشراف و بورژوازی لە قارەمانانی کۆمۆنی پاریس، قەتلوعامی ئەرمەنیەکان لە دەیەی ٢ی سەدەی بیستەم لە تورکییە، ئۆردووگاکانی مەرگی فاشیسمی هیتلێر، پۆل پۆت لە کامبۆج، جینۆسایدی کۆماری ئیسلامی، کۆشتن و ئاوارە کردنی ئێزەدیەکان لە لایەن داعش، هەر هەموویان بەشوێن یەک ئامانجەوەن، ئەویش لەناو بردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و بە نەزم دەرهێنانی لە چوارچێوەی ئیدێئۆلۆژیی زاڵ، لە خزمەت چینێکی تایبەتدا بوو. ئەم ئیدێئۆلۆژیە دەتوانێ لە قامەتی لیبرالیسمی بۆرژوازی، لە جلی سۆسیالیسمی پۆل پۆتی و یان لە جلی نێردراوەکانی خودا، خۆی نیشان دات. خاڵی هاوبەشی هەمووی ئەوانە لەوەدایە کە مرۆڤ دەبێتە ئامرازێک لە پێناو زاڵ بوونی چینێکدا.

زیندانی کردن، ئێعدام و کوشتنی شۆڕشگێڕان و نەیاران بەشێکە لە داسەپاندنی دیکتاتۆری لە لایەن دەوڵەتی چینی زاڵ، بەسەر کرێکاران و جەماوەری خەڵک. ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیە تەنیا بۆ لەناوبردنی مرۆڤی ڕەخنەگر نییە بەڵکوو لە ماهیەتی خۆیدا، بەنیازە هەموو حەرەکەتێکی زیندوو و ناڕەزایەتی جەماوەری و هێوا و ئاواتی ڕزگاربوون لەم جیهانە ئاواژووە، سەرکوت کات. ئەم نیزامە چینایەتیە سەرکوتگەرە لە هەموو بەشەکانیدا، دژ بەو نیزامەیە کە ئاسۆی کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئینسانی ئازاد و ئینسانی دابڕاو لە ئالیناسیۆن، بەرەوڕووی کۆمەڵگا دەکاتەوە. ئەگەر لەم نیزامەدا، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام بەشێکن لە ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتی چینایەتی، لەبەرامبەردا، لەو نیزامەی دیکەدا ناتوانێ و نابێ لە ئامرازێک کەڵک وەربگیرێ کە لەگەڵ ڕزگاریی مرۆڤ ناتەبایە.

لە ڕاستیدا، ئەزموونی کۆماری ئیسلامی نیشانی دا کە پێکهاتەی ئیسلام وسەرمایەداری، دەتوانێ چ ماجوومێکی ترسناک و دژە مرۆیی لێ بەرهەم دێ. سەرەڕای ئەوە، نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە بەشێک لەو کەسانەی کە خۆیان بەڕێوەبەرانی سەرکوتی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان بوون، هەوڵ دەدەن ئەم حەقیقەتە بشارنەوە کە کوشتاری ٦٧ بەشێک لە کردەوەی دەوڵەتی سەرمایەداریی ئیسلامی بوو. ئەوان بێشەرمانە و فریوکارانە دەڵێن کە ئەو کوشتارە سەرچاوەگرتوو لە "بیری" دیکتاتۆری و ئۆتۆریتەخوازیی چەند کەسێکی ناو دەسەڵات و ئێدێئۆلۆژیی توندئاژۆی ئەوان بووە، نەک بەشێکی جیانەکراو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەداریی ئیسلامی. ئەوان بەگومانی خۆیان دەتوانن خۆڵ لەچاوی جەماوەری خەڵک بکەن. بەڵام جەماوەری خەڵک بە ئەزموون بەوە گەیشتوون کە ئەم قەتلوعامە و باقیی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، نەک بیر و کردەوەی چەند کەس یان بەشێک لە دەسەڵاتداران، بەڵکوو ئەوە کردەوەی دەوڵەتی چینایەتیی ئەوانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتە سیاسیەکەیان. بە واتایەکی دیکە، ئەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی شۆڕش و دژە شۆڕش بوو. هەربۆیە درووشمی "نە دەبەخشیتن و نە فەرامۆش دەکەین"، بەر لەهەموو شتێک هەڵگری ئەو پەیامەیە کە وشیارانە و بە بێ خۆشباوەڕی، لەگەڵ نیزامێکی چینایەتی بەرەوڕووین و پێویستە بیرووخێنین. فەرامۆشی ناکەین کە تا چ ڕادەیەک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئینسانی دەبێ فیداکاری بکەین و فەرامۆشیشی ناکەین کە دوژمن بۆ سەرکوت کردنی ئێمە تا چ ڕادەیەک وەحشی و بێبەزەییە، بەو ئامانجەی کە لە پێشڕەوی شۆڕشی ئێمە ڕێگری بکات. ئەگەر قەرارە زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام بسپێردرێنە مێژووی تاریکی مرۆڤایەتی، کەوابوو نابێ ڕێگە بدەین ئەمجۆرە جەنایەتانە لە بیری مێژوویی کۆمەڵگا بسڕدرێتەوە.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 411- SEP 2020
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# جەنایەت و خۆڕاگری، یادێک لە دووهەمینساڵرۆژی ڕووداوەکانی ۱۷ و ۲۱ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۹۷

ڕۆژانی ۱۷ و ۲۱ی مانگی خەرمانانی ساڵی ۱۳۹۷ی هەتاوی لەو ڕۆژانەن کە لە مێژووی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، لەبیر ناچنەوە. ئەم ڕۆژانە وەبیرهێنەرەوەی جەنایەت و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە و ئیرادە و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، لە لایەکی دیکە بوو. بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ۱۷ی مانگی خەرمانانی ساڵی ۹۷ی هەتاوی، سێ لاوی خەباتکار لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کە بە پێی پەروەندەی درووست کراوی دەزگای ئیتلاعاتی ڕژیم، حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپابوو، سەرەڕای دژایەتی و گوشاری بەرینی خەڵک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، تەنیا بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئێعدام کران. چەند کاتژمێر دواتر، لە حاڵێکدا کە هێشتا هەواڵی ئەم ئێعدامانە بە ڕەسمی ڕانەگەیەندرابوو، مەقەڕی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە مووشەکی دوورهاوێژ، لە قووڵایی خاکی کوردستانی عێراقدا لە لایەن سپای پاسدارانەوە کرایە ئامانج و بەهۆیەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە گیانیان لەدەست دا.

ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی، شەپۆلی ڕق و تووڕەیی خەڵکی لە سەرتاسەری کوردستان وەڕێخست. کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیە چالاکەکانی دیکەی کوردستان، سەرەڕای بۆچوونی سیاسیی جیاواز، لە هەوڵێکی هاوئاهەنگدا خەڵکی کوردستانیان بانگهێشتی مانگرتنێکی گشتی لە نارەزایەتی بەم جەنایەتەی ڕژیم کرد. لە وڵام بەو بانگهێشتنەدا خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە بە خەڵکی ئێران و هەموو جیهانیان نیشان دا کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هێزێکی بێگانە و نامۆیە، ڕژیمێکی داگیرکەرە کە تەنیا بە زۆری سەرنێزە و سەرکوت درێژە بە تەمەنی نەنگینی دەسەڵاتی دەدات.

لەم ڕۆژەدا مانگرتنێکی گشتیی لێبڕاوانە و شکۆدار بەڕێوەچوو. هەر لە شاری ورمێوە تا کرماشان، دووکان و بازاڕەکان داخران، کرێکارانی کارگە و کارخانەکان دەستیان لە کار کێشاوە، ناونووسیی خوێندکاران بۆ ساڵی نوێی خوێندن ڕاگیرا و سیستەمی هاتووچۆی شاری لە کار کەوت. لە ڕاستیدا، مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ۲۱ی خەرمانان شکستی بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەی جەنایەتکارانەی ۱۷ی خەرمانان، هێنا. خەڵکی کوردستان نیشانیان دا کە نە تەنیا لە هێزی سەرکوتی ڕژیم نەترساون بەڵکوو بەهێزتر لە جاران بەرەنگاری دەبنەوە. خەڵکی کوردستان لە قۆناخی جۆراوجۆردا توانا و هێزی یەکگرتووی خۆیان بە ڕژیمی ئیسلامی نیشان داوە. لە وڵامی "نا"یەکی لێبڕاوانە بۆ ڕێفراندۆمی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی تا کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و ڕێپێوانی خەڵکی شارەکانی دیکە لە پشتیوانیاندا، هەتا مانگرتنی شکۆداری ۱۶ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۸٤ و ۲۳ی گوڵانی ۱۳۸۹، بەشێک لە موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان بوون کە لە بەرامبەر سیاسەتی ملهوڕی و زۆرەملیی ڕژیم نواندوویانە. مانگرتنی سەرتاسەری ڕۆژی ۲۱ی خەرمانان کە وێڕای ڕێکەوتنی خێرای هەموو حیزبە سیاسیە چالاکەکانی کوردستان و بە تایبەت بە هەوڵی هەڵسووڕاوانی حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بانگەشەی بۆ کرا، بەربڵاوتر لە جاران هەموو شارەکانی کوردستان و ئەم جارەیان شارەکانی ئۆستانی کرماشانیشی گرتەوە. ڕژیمی ئیسلامی بە ئەنجامدانی جەنایەتی ۱۷ی خەرمانان نە تەنیا نەیتوانی کەش و هەوای ترس و توقاندن بەسەر ئێران و کوردستاندا زاڵ بکات بەڵکوو ئەم کردەوەیە زۆر پڕ هەزینە بۆی تەواو بوو و شەپۆلێکی بەرینتری لە تووڕەیی و نەفرەتی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە. ئەم مانگرتنە بۆ جارێکی دیکە ئاژاوەگێڕی و تەبلیغاتی حکوومەتی ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە کوردستان کە گۆیا "گرووپە سیاسیەکان پێگەیەکیان لە ناو خەڵکی کوردستاندا نییە" پووچەڵکردەوە و جەنایەت و زاتی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووان خستە ڕوو و نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان هەروا کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆیان دەزانن. لە ڕاستیدا، ئەم مانگرتنە وورەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان و ئێرانی بەرز کردەوە و هاوسەنگیەکی باشتری هێزی بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتیی خەڵک خوڵقاند. ئەم حەرەکەتە نیشانی دا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قووڵایی کۆمەڵگادا ڕیشەی داکوتاوە و خاوەن هێز و ڕێکخراو و ڕێبەریە. دەریخست کە جەماوەری خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان سەرەڕای هەژاری و دەست کورتی، بە دڵێکی ئاواڵە و ورەیەکی بەرزەوە، بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامیدا، حازر بە گەلێک فیداکارین. مانگرتنی سەرتاسەری ۲۱ی خەرمانان دەکرێ وەک نموونە و ئەزموونێکی خەباتکارانەی سەرکەوتوو لە سەرتاسەری ئێران بەکار -. بێ گومان لە وەها حەرەکەتێکدایە کە هێزی سەرکوتگەری ڕژیم لە بەرامبەر ئیرادەی بەکۆمەڵی جەماوەری خەڵک، داماو و بێ دەسەلاتە.



***

دواستون

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە بڵاو بوونەوەی قسە و باسەکانی ناوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە ڕۆژانی ڕابردوودا باسە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەی زۆرتری پەیا کردووە و بوونەتە هۆی نیگەرانی چالاکان، دۆستان و لایەنگرانی ئەم ڕەوتە و کۆمەڵێکی زۆر ئینسانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز کە ئاواتی نەمانی کۆماری ئیسلامیيان لە دڵدایە و لاواز بوونی ڕەوتی ئێمە بە زەرەری بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی دەزانن. لە پێناوی کەم کردنەوەی ئەم نیگەرانیانە، دووپات کردنەوەی چەند خاڵ بە پێویست دەزانین:

**یەکەم**، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە هەمان کات دا کە بوونی جیاوازی بۆچونی سیاسی لە ناو حیزب دا بە بابەتێکی دائیمی و سروشتیە دەزانێت و بونی ئەو جیاوازیانە بە بەشێک لە بار و دۆخی پێویست بۆ هەرجۆرە پێشکەوتنێك لە حیزبدا دەزانێت، بەڵام دابەش کردنی ئەندامانی حیزب، کە هەمویان خۆبەخش و بە قەبوڵی بەرنامە و پێرەوی ناوخۆ لە ناو ئەو حیزبەدا خەبات دەکەن، بە باڵی "ڕاست" و بە باڵی "چەپ"، بە "ناسیۆنالیست" و "سۆسیالیست" و یان هەر بەرچەسپێکی تر، نابەرپرسانە دەزانێت و ڕەدی دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئەوە لە هاوڕێیانی حیزبی، لە هەرجێگەیێک کە هەن، دەکات کە ئەگەر بە هەر هۆکارێك بە پێویستی دەزانن لەم باسانەدا بەشداری بکەن، بە دڵێکی ئاواڵە، بە سەبر و لە یەك تێگەیشتن، بە زمانێکی هاوڕێیانە و بە پشت بەستن بە زانست و مەنتق بەشداری باسەکان بن.

**دوهەم**، لە بار و دۆخێک دا کە هەژاری و دژواری بەڕێ چوونی ئابوری، نەخۆشی کۆرۆنا و چاو داخستنی رژیم بە سەر بڵاو بوونەوەی بێ سنوری، سەرکوتی ئازادی و پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک، لە هەموو لایەکەوە بەرینی بە جەماوەر گرتۆە، ، لە حاڵێکدا کە پەرەسەندنی خەباتی کرێکاران و جوڵانەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، ئاماژەیە بۆ دەسپێکی سەردەمێکی پڕ لە ئاڵ و گۆڕی نوێ لە کۆمەڵگای ئێران، ئەولەویەتی ئیمە بە شێوەیەکی مەنتقی، پێویستە کەم کردنەوەی رەنج و ئازارەکانی جەماوەر و بەشداری چالاکانە لە خەباتی رۆژانەی ئەوان، بە ئاراستەی گۆرینی ئەو بارودۆخە نالەبارە بێت. شوێن گرتنی مەشەغەلی زەینی خۆ و هەوڵدان بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی، هەولدان بۆ گەورەتر نیشاندانیان، نە تەنیا یارمەتیدەر نییە، بەلکوو نیگەرانیەکانی ناو جەماوەریش پەرەپێدەدات. رێبەری کۆمەلە سیاسەتی خۆی لە سەر بنەمای ئەو ئەولەویەتە دامەزراندۆە و داوا لە هاورێیانی حیزبی لە هەموو بەشەکانی دیکەی حیزبیش دەکات کە لە وەها ئاراستەیەك پەیرەوی بکەن.

**سێهەم**، کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بە بەشی خۆی، هەموو هەوڵێکی پێویست، بۆ ئیدامەکاری و بۆ پاراستنی یەککگرتوویی ریزەکانی حیزبی کومونیستی ئیران، لە سەر بنەمای بەرنامە و پێرەوی ناوخۆ و ستراتیژی حیزب و پەسەند کراوەکانی کونگرەکان و پلینۆمەکان ئەنجام دەدات. لە هەمانکاتدا سیاسەتی روتینی خۆی، لە پێناوی بەرێوەبردنی ئەرك و مەسئولیەتەکانی بەرانبەر بە کۆمەڵگای کوردستان، چالاکانە بەرەو پێش دەبات.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئیران
۵ی خەرمانانی ۱۳۹۹ی هەتاوی
۲٦ی ئوتی ۲۰۲۰ زاینی

***